# ڕوداوه كانی ئەم دوایەو نەمانی دەستەڵات داریەكەی بەعس و جندول ئیسلام

عەزیز بەرزنجی

هەر وەك ڕونوو ئاشكرایە لەلای هەموان كەڕژێمی بەعس لەو ڕۆژەوە دەسەڵات داربوو لەعێراقدا گەلانی عێراق بەگشتی لەناو گێژاویێكی گەورەدا بون لەوكاتەوە ئەم دەسەلاّتە دیكتاتۆرێتە بالاّدەستە بووەتە هۆی دواكەوتنی بەرەوو پێشەوە چونی مەدەنیەت یان گەلانی عێراق وە كو گەلانی كەنەژیاون هەمیشە لەبیری ترساندنوو كوشتنوو جەنگدا بوون.

بەداخەوە گەنجەكان لەجێگەی ژیانی خۆشی وەك گەنجەكانی دونیا ڕژێمەكەی بەعس خزمەتی سەربازی بۆدەكردنەدیاری لەگەلّ لاوتی تەمەن یاندا بەلّێ دەستەلاّتەسەرلێ شێواوەكەی بەعس لەو ڕۆژوە گەلیكورد بەتایبەتیوو شیعەكان لەناو ئاگرو ئاسندا ژیانیان بەسەر بردوە لەسایەی ڕژێمەكەی سادامەوە سەدام گەلانی عێراقی زۆر لەناو بردوە بەڵكو هەوڵی نەمانی سڕینەوەی كۆلتوری كوردی بووە بەشێوەكی سەرەكی.

سەدام هەر ئەو كەسەبوو كە لەساڵی ١٩٨٨گەورە ترین كارە ساتی ئەنجامدابەچەكی كیماوی بەلّی شاری هەلەبجە شاهیدە وە٦٠٠مرۆڤی بێتاوانی شەهیدكرد بگرە لەچەندین گوندیش هەربەوە نەوەستا كەوتە گیانی گوندە كانیش ٥٠٠٠ گوندی ویرانكردو خەڵكە كەیشی بیّ سەرو شوێن كرد كەتائێستا ١٨٥٠٠ هەزار مرۆڤی بیّ تاوانی بیّ سەرو شوێن كرد كەتائێستا دایكانوو باوكان بەجاوەڕوانی ڕۆڵەكانیانەوە سەردەنینەوە ئایا كەئەوەی ئەم نیزامە سەرلێ شیواوە كردی لەم سەدا ڕوی نەدابوو تائێستە هەر ڕوو نوو ئاشكرایە لەلای هەموو مان بەلّێ لەو لاوە كەوتە گیانی گەلی كوردو شیعەكان و بەدە یان هەزار مرۆڤی شەهید كردو بەهەزارەها مرۆڤی بیّ تاوانی لە زیندانە كاندا توند كردو كەتائێستە بێسەروو شوێنن.

سەدام مەترسی نەبوو بەس بۆ گەلانی عێراق بەڵكو بۆ دراو سێكانیش هەموان دەزانین كەڕژێمەكەی بەعس جەنگی چەند ساڵە لەگەلّ ئێراندا كەئەنجامی دا بووە هۆی كوشتنی هەزارە هامرۆڤ هەربەوەیشەوە نەوەستا پەلاماری كوێتی شی دا كە هەموو بەچاوانی خۆمان دیمان چی هێنا بەسەریاندا بەلاّم دیمان كەكویتیەكان لەئازاد كردنی ئێرا قدا چی هەلّ وێستێكی مرۆڤانەیان هەبوو بۆیارمەتی دانی خەڵكی بەلّێ ئەوڕژێمە فس فس پاڵەوانە كەدیمان بەرەی چەند ڕۆژێكی نەگرت وەخرانە ناو زبل دانی مێژووە بەداخەوە ئەم نیزامە هەموو سەروەتی ئێراقی لەخزمەتی جەنگدا سەرف كردو هەولّ دان بۆدرو ستكردنی چەكی قەدەغەكراو بەداغەوە گەلی ئێراق لەچی میحنە تێك دا ژیاون كە كاربەدەستانی بەعس لەچی كۆشكێك دا ژیاون بەلام زۆر داری تاسەر نابێت كەدیمان بەچاوی خۆمان چۆن كونەمشكیان لیّ كراوە بەقیسەری كەڕۆژانە لەكونەكاندا دەیان هێنەدەریّ لێرەدا پرسیار دیتە پێشەوە ئایا سەدام ئەو پارەی كەلەجەنكدا سەرف كردو درووست كردنی چەكی قەدەغەكراودا ئایا لەپێناوی بوژاندنەوەی عێراقداو خزمەت كردنی زانستگاكاندا سەرفی بكردایە باشتر نەبوو بەلاّم بەداخەوە بەدەست كەسێكی شەقاوەوە هەر ئەوە چاوەروان دەكرێت كە ئێستەڕسوای زەمانەیە.

بەلیّ هەر ئەو ڕژێمە دایم لەگێچەلّ گێراندا بووە بوّتێك دانی ئاسایشی ناوچەكە بۆیە ئەو ئازادیەی كەگەلی كورد بەدەستی هێنابەخوێنی سەدان هەزار شەهید هاتە بەرهەم بۆیە ڕژێمەكەی بەعسوو هەندیّ ولاّتی دراوسیّ كەوتنە تێك دانی ناچەكەو گرو پێكی دژ بەگەلی كوردیان دروست كرد لەژێر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ناوی جندول ئیسلام كە ئەو كەسانە بوون لەئەغفانستانەوە هەلّ هاتبوون وەكو كەسانی عەرەب و ئەغفان بە ناوی جیهادەوە بێنە ناو خاكی كوردستانەوە ویرانی بكەن ئەو شەڕە بگوێزنەوە بۆ ناوچەی هەورامان كە ئەو ناوچە چی قوربا نیەكی داوە هیشتا برینە كانیان سارێژ نەبووە بەلاّم با بپرسین گرو پی جندول ئیسلام چیان دەوێت لەگەلی كورد من لێرەدا دەپرسم لە كاربەدەستانی جندول ئیسلام جیهاد دژی كیّ دەكەن ئایاكەس هەیە بەقەد كەلی كورد باوەڕی بەئانیی پیرۆزی ئیسلام هەبێت بەدا خەوە ئەم گروپە بوونە تە مایەی تێكدانی هەموو جیهان نەك گەلی كورد ئەم گروپە هاتوون خەونە كانمان زیندە بەچالّ بكەن یان گەڕانەوەی قەڕنێك بۆ دواوە باشە پێشوو تر گەلی كورد چیبووە ئایا كابرا یەك لەفەلەستینەوە یان كابرایەكی ئەغفان چی مافێكی هەیە لەسەر خاكی من

بێت بۆ خۆی دەتەقینێتەوە لە وڵاتی ئێمەدا ئایاکاکی فەستینی بۆناڕوات بۆئازاد کردنی وڵاتی خۆی باشە ئەو ناوچەیە پێویستی بە یارمەتی مرۆی هەیە لەجێگەی یارمەتی دان بەداخەوە ئاسن بارانیان دەکەن و ڕێگەدەگرن لە ئازادیەکانیان چوونکە ئەم تاقمە سەر بە گروپە سەرلێشیواوەکەی بن لادنن کەچیان کرد بەگەلی ئەغانیتان دەیانە بێت هەمان ڕەوشت دووبارە بکە نەوە لەولاتی ئێمەدا ئایا هەرئەو تاقمە نەبوو بوونە هۆی شەهید کردنی دەیان پێش مەرگە و شێواندنی تەرمە کانیان ئایا پێش مەرگەیەکی ولات پارێز چی تاوانێکی هەیە تۆ حوکمی جهاد دادەسەپێنی بەسەریدا ئایا هەل دانەوەی گۆڕەکانیش ئەوانیش کافر بوون.

من لەرەدا دەلێم خوا هەر یەك خوایە ئیتر یان ئاینی پیرۆزی مەسیح یان ئیسلام یان یەهود هەموومان خوایەکمان هەیە باشەئتیتر جیهاد دژکێ بۆدەبنە مایەی تێك دانی دونیا خواهەر خوایەو وەپێوستیشی بەجیهادی هیچ کەسێك نیە بەلێ بەچاوانی خۆمان دیمان کە چەندەها جار داوایان لێکرا واز بهێنن لەکاری تیرۆر بەلام هیچ گویان نەداوە داخوازی جەماوەرو رۆژانە بەر دەبوونە گیانی خەلکی ناوچەکە بەڕاستی ببوونە مایەی تێك دانی ئەو ئازادیە کەهەبوو خەلکی ناوچەکەیان بێ بەش کردبوو لەو ئەزموونە دیمۆکراتیەی ئەم ڕۆ هەریۆیە بەهاری کاری کردنی هێزەکانی هاو پەیمانوو هێزی پێش مەرگە کەلەو ناوچە دەریان پەڕینوو ڕسوای زەمانەیان بکەن و وە ئازادیوو دیمۆکراسی بگەڕێتەوە بۆناوچەکە کەسانی بەکرێ گیراویش وەکو پاشماوەکەی ئەلقائدە یش وەکوو نیزامەکەی سدام کرانە پەندی زەمانە کەئیتر نەبنە هۆی تێك دانی ئازادی مرۆڤوو زندە بەچال کردنی خەو نەکانی مرۆڤ بۆ ژیانێکی ئاسودەی بەداخەوە ئەم ڕۆ هەموو جیهان لەهەولدان دان بۆ ژیانێکی پڕلەکامەرانی دیمۆکراسی کاکی تیرۆ ریست خۆی دەتەقێنێتەوە لەناو کۆمەل گاکاندا ئایا ئەوەیە دیمۆکراسیەکانیان کەدەیان کەس توشی کوشتنوو کەم ئەندامی دەکەن دەیان مندالی بێ تاوان بێ باکوو بێ دایك دەکەن دوور لەنازی باوکوو دایك ئەمەیە هەل ویستی ئەم تاقمە ی سەرلێشیواوەکانی ئەالقائیدەیەمن دە پرسم لە کاربەدەستانی ئەو تاقمە سەرلێشواوەیە ئەوانە پێوویستان بەپزشکێکی دەروونی هەیە ،دەستەلات دارە بەکرێگیراوەکەی جندول ئیسلام خۆش بەختانەدیمان کەچۆن نیزامەکەی بەعسوو جندول ئیسلام ڕوخێنراو کۆتایان پێ هاتوو کرانە پەندنی زەمانە وەکوو مشکێك خۆیان حەشارداوە لەتاو پشیلەیەکدا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت